کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14:02 9-9-2007

**فیرعەونەکانی سەردەم ... موحسین شوانی**

ئەی سەرکردە خۆویستەکان،
جادووگەرە فێڵ بازەکان،
وورگ زلە،
درۆزنەکان
ئەی ئەوانەی لەسەرزەوی
لەجیاتی خوابڕیاردەدەن
لەگەڵ تەوقەو
دەست گوشینی
دووڕوانەی
ئێوەدانیم
لەگەڵ باس وخواسی
دونیای بەرژەوەندی
بی سنووری...
دەسەڵات نیم،
ئەی ئەوانەی بەخۆڵ نەبی
بەسامانی قارونیش بی
هەرتێرنابن!
دڵنیامە
ڕۆژی دادی
(عەسای) ڕاستی
جادووی ئێوەو...
دارودەستە
قووت دەداتن.

2007/8/25

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.